

هاوار طيب

**سنووورەکان دەبەزێنم**

تۆ ڕونووە بەفرێکی سەرشێتی،
منیش ڕووبارێکی بە خوڕ...
تۆ شاخێکی سەرکەشیت، و
من تەوارێکی بەرزەفڕ...
سنورەکان دەبەزێنم،
بەرزی لەلووتکە دەسێنم
تۆ نەچیر و منیش ڕاوچی،
بەڵام هەرگیز ناترێفێنم!
من سەربەستیم داناوە بۆت،
چۆن دڵنیام
ئەوین تەنیا سەفەرێکە و
لە ئاکامدا،
هەر دێیتەوە ئامێزی خۆت.

**تەوار وڵات**